# زیاد کردنی مووچه خەونی فەرمانبەران و هۆکارێک بۆ دابەزینی نرخی دراو

پارێزەر/ سەمیر عەزیز خالدی

بروا بکەن مەبەستم ئەوە نی،یە کە وازم لە کاری فەرمانبەرایەتی هێناوە و گەرکەمە کاری پارێزەرایەتی بکەم، بۆیە ئەو بابەتەم نوسیوە، بەڵام ئەوە گرفتێکی ئابووری لە دواوەیە، ئەم بڕیارە حکومەت لێی پاشگەز ببێتەوە و کاڵای بازاڕەکان هەرزان بکات زیاتر قازانجی فەرمانبەرانە، چونکە زیاد کردنی مووچە نابێتە هۆیەک بۆ خۆشگوزەرانی فەرمانبەران، چونکە ئەم زیادکردنە بۆ ئەوان نییە، بەڵکو تەنها بۆ بەرژەوەندی بازرگانەکانە و هەموومان دەزانین گەورە بازرگانەکانیش کێن؟ واتە پارە زیادەکە لەم گیرفانە دەردەچێت و دەچێتە ناو گیرفانەکەی تر.

بێگومان لە رووی ئابوورییەوە، ئەم زیادکردنە دەبێتە هۆی زیاد بوونی پارە لە بازاڕدا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ شڵەژانی دۆخی بازار، چونکە زیادبوونی پارە لە بازاڕدا دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی نێوان چەندێتی پارە و کاڵا، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە، هەرچەند پارەی زۆرتر بێت پێداویستییەکانی روو لە زیادبوون دەکەن، بەمجۆرە داوا روو لە زیادبوون دەکات و خەڵکی دەکەوێتە ناو بازاڕەوە بۆگەڕان بەدوای حەزەکانی و کڕینی کاڵای پێویست و لاوەکی ودەبێتە هۆی کەمبوونی شتومەک لە بازاردا، و بازرگانەکانە بێویژدانانە نرخی کاڵاکانیان گران دەکەن لەبەر ئەوەی داوا زیاترە لە خستنە روو، خەڵکیش ناچارە و هەردەیکرێت، بەمجۆرە بازارەکان تووشی قەیرانی ئابووری دەبنەوە و ئەو بێ کۆنترۆڵیەی کە لەبازاردا هەیە دەبوایە ناوی لێ بنرێت بازاری بەرەڵا نەک بازاری ئازاد. دەرفەت دەداتە بازرگانەکان بۆ ئەوەی ئەم هەلە بۆ خۆیان بقۆزنەوە، گیرفانی خەڵکی جوانتر بتەکێنن و ئەوەش دەبێتە کاردانەوەیک بۆ دابەزینی نرخی دراو، چونکە هەرچەندە نرخی کاڵا گرانتر بێت ئەوەندە نرخی دراو روو لە نزمبوون دەکات بەمجۆرە: زیاد بوونی پارە دەبێتە هۆی زیادبوونی داوا وکەمبوونی خستنەروو، گرانبوونی نرخی کاڵا،نزمبوونی نرخی دراو ودەبێتە هۆی قەیرانی ئابووری.

بێگومان ئەم دیاردەیە رۆژانە لە بازاڕدا بەرچاو دەکەوێت کەوا شتومەک روو لە گرانی دەکات، سەرەڕای ئەوەی کەوا هێشتا ئەم بڕیارە نەچۆتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڕای من زیانی ئەم زیادکردنە زیاترە، چونکە تاکو بازارەکان بەرەڵا بکرێن خەڵکی هەرگیز خۆشگوزەرانی بە چاو نابینێت، وەک پێشنیارێک دەبوایە حوکومەت بیر لەزیادکردنی مووچە نەکردایە، بەڵکو هەوڵی بدابوایە بۆ پاراستنی هاوسەنگی بازارەکان و ئەمەش بە چەند رێگایەکی زانستییانە:

١.دانانی نرخی جێگیر لەسەر کاڵاکان و سزادانی ئەو بازرگانانەی کەوا زیادەڕەویی دەکەن لە نرخی کاڵاکانیان.

٢.کردنەوەی بازاری ناوەندی، کەوا ئیستا بۆتە کەلاوەی جنۆکە و جاڵجاڵۆکە و خستنە رووی کاڵای حکومەت بە نرخێکی پاڵپشتیکراو، بۆ ئەوەی خەڵکی کەم دەرامەت بتوانیت بە دڵی خۆی شتومەک بکڕێت.

٣. دامەزراندنی کارگەی بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای خۆماڵی، کە بێگومان نرخی بەرهەمە خۆماڵییەکان هەرزانتر دەبێت لە بەرهەمە بیانییەکان لە بازاڕدا .

کەواتە حکومەت رێگاچارەی زانستییانەی زۆری بەدەستەوە هەیە، ئەگەر بەکاری بێنێت. بەڕای من ئەم مووچەیە زیاد نەکرێت باشترە و ئەگەر ئەم خاڵانەی کە لەسەرەوە باسم لێکرد ببێتە دیفاکتۆیەک، ئەوا هەردوولا بەمجۆرە سوودمەند دەبن:

ا/ پاشەکەوتکردنی ئەو پارەیەی کەوا لە حکومەت دەردەچێت بۆ خەڵکی لەبەر ئەوەی ئەگەر شتومەک هەرزان بکرێت، ئەوا وەکوو ئەوە وایە مووچەت زیاد کردبێت.

ب/ئەگەر دەست بکرێت بە بەرهەمهێنان، حوکومەت داهاتی زیاتر دەبێت لە خەرجی.

ج/ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات.

د/ خۆشگوزەرانی خەڵکی کەوا لە ئەستۆی حکومەت دایە.

بۆیە ئەگەر ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە و دەست بکرێت بە هەرزانکردنی بازاڕەکانە و نرخدانان لەسەر شتومەک سوودی زیاترە بۆ فەرمانبەران، ئەو کات ئەو بڕە مووچەیەی وەردەگیرێت باری دەرامەتی فەرمانبەران باشتر دەبێت و پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە بەهۆی زیاد نەکردنی مووچە خەڵکی تریش ئەوانەی فەرمانبەر نین ئەم زیانەیان پێ ناکەوێت.